**نامەیەکی دیمەشقی**

**خەسرۆ پیربال**　　　**( پێشکەشە بە برای شاعیر جەمال غەمبار )**

**"شام-ی دڵ، شەقامی وەجد**
**تەنیشت بێدەنگی مەولانا**
**ئەپارتمانی ژمارە( هیچ) ی پشت باخچەی پەناهەندەکان" #**
**بگاتە خەمباری کوڕی عەشق و چاوەڕوانی**

**سڵاوێك لێرەوە بۆ شام**
**لەوێ لە شام**
**بەیانی بوو،**
**ویستم دەستێکم درێژکەم و دیسانەوە**
**خۆم بگەینمە نیوە بەجێماوەکەی خۆم لە شام**
**تۆ دەزانی، لەوێ لە شام ، هەر لەو دەمەی جیابووینەوە**
**قاوەکەم هەر گەرم وخەست ، لەسەر مێزەکەی شام**
**ڕەفزی سەفەر دەکا وچاوەڕوانە**
**بۆنی قاوەکەی ئاسمانی شام، لە ناو خەیاڵاتی کاتی ناخەیاڵیدان**
**تۆ دەزانێ لەوێ لە شام، کەللەی سەرم لێجێماوە**
**کەللەی سەرم لە شام و ، قاچەکانم لە قامشلۆ**
**لە چاوەڕوانیە ئەبەدییەکانی غوربەتدا مانیان گرتووە**

**لەوێ لە شام**
**خەون نیە**
**هەقیقەتن ، سەفەری سێبەری خەندەن ، هێواش هێواش جێت دەهێڵن**
**هاوڕێ ی تەنیا**
**من لێرە، هێندەی حەسرەتەکانت ، لە بەهار بێزارم**
**هێندەی شام-یش لێتەوە دوورم**
**دەمەوێ بێم و لەقەد پیێ نێرگزی بەهاری وڵات بنووشتێمەوە**
**تۆ دەزانی ئەو گوڵانەی ئێرە، گوڵ نیین،**
**ڕەنگی زەردو سووروو سەوزن،**
**ئەو گوڵانەی ئێرە، بۆنی ئاسمانیان نەکردووە، ڕوومەتی مووحەبەتیان ماچ نەکردووە**

**لەوێ لە شام**
**تۆی عاشقی ئاو و، منیش ئاسمان**

© Kurdistan Net

تۆ ئەسیری چرکەکانی چاوەڕوانی، منیش بێزاری

نێوان ئێرەو ئەوێ هیچ و

نێوان دەریای تۆ ئاسمانی من هیچێکی تر

هیچێکی هیچ

هیچتر لە هیچ

ئەمە گوناهی تۆیە لەوێ

ئەمە گوناهی تۆیە، باڵندەکانیش ناگەڕێنەوە بیابانی زاکیرەمان

لەوێ لە شام

خۆم لێرەو، دڵم لە شام

پێڵاوەکانم لەبەردەرگای گەورەی سەلاحەدینی ئەیووبی لێ بزر بوو

هاوڕێی تەنیام

من دەزانم ، تۆ خەندەکانت بەخشیوەتە ماسیە تێنوەکانی دەریا

باڵندەی خەمەکانت ،بێدەنگ ، هێور، پەڕاندوتەوە باوەشی گەرمی وڵاتەکەی ئەوبەرتەوە

لەوێ لە شام

خۆر، لە ماڵەکەی شامدا هەڵدێ و

لێرەش ئەگری

ساتە نەسرەوتەکانی ئێرەو، پەپولەکانی ڕۆحی ئەوێ

لە سەر باڵی نیشتیمانێك لە کاغەزی لەت لەتکراودا

خاچکراوە، ڕفێنراوە،...

پەپوولەکانی خەون ، لەلێواری باخچەیەکی قشتدا ، یەکتر ڕادەمووسن

هاوڕێی تەنیام،

تۆ سێوت بۆ چیە ؟

تۆ کە پێکەنینت تاڵ و ڕۆژت تاریك

چ خەندەیەکی دونیا ڕۆناکی دەبەخشنە قەترانی بەدبەختیت ؟

ئەم سێوانە، سێوی تاوانن، تاوانی ئادەم-ن

لەوێ لە شام

من شاهیدی حوزنی گەورەتم

تۆ ناتوانی

خەمنامەی ئێوارە درێژەکانی شام-ت تەنها بنووسیەوە

فرمێسکەکانی ئێوارانی وێڵی شام-ت



© Kurdistan Net

له ناو دڵت بشاریەوە

بۆنی باران

تێنویەتیت

له ناو ساتەکانی بێهودەییت بزرکەیت

لەوێ له شام،

من لەگەڵتم هاوڕێ، لەگەڵتم ..

من لەوێم و چاوەڕوانم

ناونیشانی نەگۆڕاوم:

شام–ی عەشق

جادەی الامین

مەنزڵی بێ مەنزڵان: البستان

مێزی خەم

له تەنیشت قاوەیەکی بۆنداری دیمەشقی

من له شام–م

سەرم لێرەو

دڵم له شام

قاوەم له شام

من لێرەم و کاغەز لەوێ

من لێرەم و هاوڕێ لەوێ

من لێرەم و مردن لەوێ

مردن لەوێ

مردن ...لەوێ

خەسرۆ پیربال – ٢٠٠٢/٥/١٢

# شیعرێکی جەمال غەمبار(چەند بەیتێ له دەستنووسی ئێوارەکانی شام – ).

© Kurdistan Net